## شەپۆلێک لە ڕەوتی داتا و زانیارییەکان

بێگومان داتائیزم ڕەخنەگر و لایەنگری خۆی هەیە. وەک لە بەشی سێیەمدا بینیمان، گوماناوییە کە لەڕاستیدا بتوانرێت ژیان لە شەپۆلی زانیارییەکان سەرچاوەی گرتبێ. بە تایبەتی لە ئێستادا هیچ ڕوونکردنەوەیەکمان نییە کە چۆن یان بۆچی شەپۆلی زانیاریی دەتوانن هۆشیاری و ئەزموونی بابەتیی دروست بکەن. لەوانەیە بیست ساڵی تر ڕوونکردنەوەیەکی جێی متمانەمان هەبێت. یان ڕەنگە بۆمان دەرکەوێت کە زیندەوەران بە هیچ شێوەیەک ئالگاریتم نین.

بە هەمان شێوە گوماناوییە کە ئایا دەتوانرێت ژیان بەهۆی بڕیاردانەکانمان دیاری بکرێت. لە ژێر کاریگەریی داتایزمدا، زانستە ژیانییەکان وەک زانستە کۆمەڵایەتییەکان، وەها یەخسیری پرۆسەی بڕیاردانەکانن، کە وا دەنوێنێ لە ژیاندا هیچ شتێکی دیکە بوونی نەبێت. بەڵام، ئایا بەڕاستی ئەمە وایە؟ تێگەیشتنە هەستیارەکان و هەست و بیرکردنەوەکان بێ گومان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دەربڕینی بڕیارەکانمان، بەڵام ئایا ئەوە تاکە مانایانە؟ داتاگەرایی تێگەیشتنێکی زیاترمان پێدەبەخشێت لە پرۆسەکانی بڕیاردان، بەڵام ڕەنگە وێنەیەکی بەردەوام خوار و خێچتری ژیانیش بکێشێتەوە. ڕەنگە پشکنینی ڕەخنەگرانە لە دۆگمای داتاگەرایی نەک هەر گەورەترین چالاکی زانستی سەدەی بیست و یەکەم بێت، بەڵکو بەپەلەترین پرۆژەی سیاسی و ئابووریش بێت. توێژەرانی ژیان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی پێویستە لە خۆیان بپرسن کە ئایا ئێمە شتێک لەدەست دەدەین ئەگەر بیر لە ژیانێك بکەینەوە کە تەنیا پرۆسێسی داتا و بڕیاردان بێت؟ ئایا شتێک لە گەردووندا هەیە کە نەتوانرێت کورت بکرێتەوە بۆ داتا؟ وای دادەنێین ئالگاریتمەکانی نائاگا دەتوانن لە کۆتاییدا لە هەموو ئەرکە ناسراوەکانی کۆمپیوتەردا زیرەکی وشیار تێپەڕێنن – چی لە دەست دەدەین ئەگەر بلیمەتی ئاگا لە جێگای ئالگاریتمی نائاگا دابنرێ؟

تەنانەت ئەگەر داتاگەرایی هەڵە بێت و ئۆرگانیزمەکان تەنیا ئالگۆریتم نەبن، ئەوە نابێتە هۆکار بۆ ئەوەی داتائیزم لە دەست بەسەرداگرتنی جیهان بوەستێنێت. زۆرێک لە ئایینەکانی پێشووتر سەرەڕای کەموکوڕییە ڕاستییەکانیان، ناوبانگ و دەسەڵاتێکی زۆریان بەدەستهێنا. بۆچی نابێت داتائزم ئەو کارە بکات کە مەسیحیەت و کۆمۆنیزم کردوویانە؟ لە ڕاستیدا داتایزم ئاسۆیەکی باش و تایبەتی هەیە چونکە لەمڕۆدا خۆی بەسەر هەموو بوارە زانستییەکاندا بڵاوکردۆتەوە. نموونەیەکی زانستی یەکگرتوو دەتوانێت بە ئاسانی ببێتە دۆگمایەکی پیرۆز. ڕەخنەگرتن لە پڕۆسەیەکی زانستی لەڕادەبەدەر قورسە، بەڵام هێشتا نموونەیەکی بەرچاو و جیددی لەلایەن هەموو دامەزراوەی زانستییەوە دانەڕژاوە. بۆیە توێژەرانی بوارێکی تایبەت هەمیشە دەتوانن بۆچوونی جیاواز لە دەرەوە هاوردە بکەن. بەڵام ئەگەر هەموو کەسێک لە مۆسیقازانییەوە تا بایۆلۆجی هەمان شێوازی داتاگەرایی بەکاربهێنێ، بوارە زانستییەکان تەنیا لە خزمەت بە زیاتر بەهێزکردنی داتائیزمدا دەبن. کەواتە ئەگەر ئەو سیستەمە کەموکوڕیشی تێدابێ، بەرەنگاریی لە هەنبەریدا لەڕادەبەدەر قورس دەبێ.

ئەگەر داتائیزم لە دەستبەسەرداگرتنی جیهان سەرکەوتوو بێت، ئێمەی مرۆڤ چیمان لێ بەسەر دێت؟ لە سەرەتادا پێدەچێت هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ تەندروستی و بەختەوەری و دەسەڵات خێراتر بکات. داتاگەرایی بۆیە خۆی بڵاودەکاتەوە چونکە بەڵێنی وەدیهێنانی ئەم ئارەزووانەی مرۆڤ دەدات. بۆ ئەوەی بتوانین بەختەوەری و هێزی خولْقێنەری ئیلاهی بەدەست بهێنین، پێویستە ژمارێکی زۆر لەو داتا و زانیارییانە پرۆسێس بکەین کە لە توانایی مێشکی مرۆڤدا نییە. کەواتە ناچارین ئەو ئەرکە بە ئالگاریتمەکان بسپێرین. بەڵام کاتێک دەسەڵات لە مرۆڤەوە بۆ ئەلگۆریتم بگۆڕێت، دەکرێت پڕۆژە مرۆڤخۆشەویستییەکان بێ بایەخ بکرێن. کاتێک ئێمە بۆ بەرژەوەندی جیهانبینییەکی داتاسەنتەری واز لە جیهانبینی مرۆڤخۆشەویستی بهێنین، ڕەنگە مانای تەندروستی و بەختەوەری مرۆڤیش کاڵتر بێتەوە. ئاخر بۆچی پێویستە گرنگی بە ئامێرە بەسەرچووەکانی پرۆسێسکردنی داتا بدەیت لەکاتێکدا مۆدێلی باشتری بەرچاو هەبێ؟ ئێمە هەوڵی پەرەپێدانی "ئینتەرنێتی گلۆبالی" دەدەین چونکە هیوادارین ببێتە هۆی سلامەتی، بەختەوەری و بەهێزبوونمان. بەڵام کاتێک "ئینتەرنێتی گلۆبالی" وەڕێکەوێ

و کاربکات، دەتوانین لە گەشەپێدەرەوە ببینە میکرۆچیپ و لە کۆتاییدا وەها لەناو داتاکاندا بتوێینەوە، وەکو تۆپەڵە قوڕێکی زەوی کە لە ڕووبارێکی خوڕدا ئاسەواری لێ نامێنێ.

بەم شێوەیە داتائیزم هەڕەشەی ئەوە لە هۆمۆ ساپیەن دەکات کە هۆمۆ ساپیەن لە هەموو ئاژەڵەکانیتری کرد. مرۆڤ بە درێژایی مێژوو تۆڕێکی جیهانی دروست کردووە و بە پێی ئەرکی خۆی لەو تۆڕەدا بەهای هەموو شتێکی دیاری کردووە. بۆ هەزاران ساڵ ئەمە گۆڕانی بەسەر شانازی و زانستی پێشوەختەی مرۆڤدا هێنا. بەو پێیەی ئێمەی مرۆڤ گرنگترین ئەرکەکانی ئەم تۆڕەمان بەڕێوەبردووە، بۆ ئێمە ئاسان بوو کە شانازیی بە دەستکەوتەکانی تۆڕەکەوە بکەین و خۆمان وەک لوتکەی خوڵقاندنی بوونەوەران سەیر کەین. ژیان و ئەزموونی هەموو ئاژەڵەکانی تر بە کەمتر دادەنرا، چونکە لە ڕوانگەی مرۆڤەوە ئەرکی گرنگیان ئەنجام نەداوە و کاتێک ئاژەڵێک ئەرکی دیار نەبوایە، ئەوا لەناویان دەبرد. بەڵام کاتێ مرۆڤ گرنگایەتی کردەوەیی خۆیان بۆ تۆڕەکە لەدەست بدەن، تازە تێدەگەن کە مرۆڤ هیچکات تاجی لووتکەی خوڵقاندنی بوونەوەران نەبووە. بە هۆی ئەو ستانداردانەی کە خۆمان دروستمان کردوون و پەرەمان پێداون، مەحکوم دەکرێین فیلی مامۆت و دۆلفینەکانی ڕووباری چین لەبیر بکەینەوە. بە ئاوڕدانەوە بۆ ڕابردوومان بۆمان دەردەکەوێ مرۆڤایەتی لە شەپۆلێکی کاڵ لەناو چالاکیی مەزنی داتا گەردوونییەکان زیاتر هیچی تر نەبووە.

لەڕاستیدا ئێمەی مرۆڤ هیچکات ناتوانین پێشبینی داهاتوو بکەین. هەموو ئەو سیناریۆیانەی لەم کتێبەدا هاتوون، پێویستە وەک ئەگەرەکان لێی تێ بگەین نەك وەك پێشبینی. کاتێک بیر لە داهاتوو دەکەینەوە، ئاسۆی ژیانمان بەهۆی ئایدۆلۆژیا و سیستەمی کۆمەڵایەتی ئێستاوە سنووردار دەکرێنەوە. دیموکراسی هانمان دەدات باوەڕمان بە ئایندەیەکی دیموکراسی هەبێت. سەرمایەداری ڕێگەمان پێنادات سیستەمێکی جیا لە سەرمایەداری لە خەیاڵماندا پێك بێت. هەروەها مرۆڤخۆشەویستی بیرکردنەوە لە چارەنووسی داهاتووی مرۆڤایەتی قورس دەکات. لە باشترین حاڵەتدا هەندێک جار ڕووداوەکانی ڕابردوومان ڕیسایکل دەکەین و وەک جێگرەوەیەک بۆ داهاتوو سەیریان دەکەین. بۆ نموونە نازییەکان و کۆمۆنیزمی سەدەی بیستەم وەک

پشوودانێک بۆ زۆربەی دیستۆپیاکان سەیر دەکرێن و نووسەرانی زانستی خەیاڵیش سوود لە میراتی سەدەکانی ناوەڕاست و دێرین وەردەگرن بۆ ئەوەی پێشبینی بکەن شەڕکەرە شوالیەکان و ئیمپراتۆرە قەیسەرەکان بە کەشتی ئاسمانی و چەکی لەیزەر شەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەن.

ئەم کتێبە بۆ سەرچاوەی مەرجدارکردنی ئێستامان دەگەڕێتەوە و دەستی شل دەکاتەوە بۆئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی زۆر خەیاڵاویتر لە پێشوو بیر لە داهاتوومان بکەینەوە. ئەم کتێبە لەبری ئەوەی بۆ پێشبینیکردنی تاقە سیناریۆیەکی یەکلاکەرەوە، ئاسۆکانمان تەسک بکاتەوە، هەوڵدەدات فراوانیان بکات و بیرمان بخاتەوە کە فەزایەکی گەلێك بەربلاوترمان لەو ئاڵترناتیڤانە لەبەردەستە. وەک چەند جارێک جەختم لەسەر کردووەتەوە، بەڕاستی کەس نازانێت لە ساڵی ٢٠٥٠دا بازاڕی کار، خێزان یان ئیکۆلۆژی چۆن دەبێت و چ ئایینێک و چ سیستەمێکی ئابووری یان پێکهاتەیەکی سیاسی بەسەر جیهاندا زاڵ دەبێت.

بەڵام فراوانبوونی ئاسۆکان دەتوانێت وەك خاڵی نەرینی دەرکەوێ ئەگەر لە داهاتوودا زیاتر لە پێشوو سەرلێشێواو و ناچالاک بین. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو سیناریۆ و ئەگەرانە، پێویستە سەرنجمان لەسەر چی چڕ بکەینەوە؟ ئاڵوگۆڕەکانی جیهان خێراتر لە جاران پێکدێن، ئێمە کەوتوینەتە ناو لاڤاوێکی مەزنی داتا، زانیاریی، بیرۆکە، بەڵێن و هەڕەشەوە. چونکە چیتر ناتوانین لەگەڵ لافاوە مەزنە زانیارییەکان بەربەرەکانی بکەین، هۆکارەکەی دەبێتە ئەوەی دەسەڵات بۆ بازاڕی ئازاد و ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی و ئالگاریتمە دەرەکییەکان بەجێبێڵین. لە ڕابردوودا سانسۆر بە ڕێگریکردن لە وەرێکەوتنی زانیارییەکان کاری دەکرد. لە سەدەی بیست و یەکەمدا سانسۆر بەمانای نوقمکردنی مرۆڤ لەناو لافاوی زانیارییە. مرۆڤ زۆر بە ساکاری نازانن سەرنجی خۆیان بۆ چ تەوەرێك ڕابکێشن و زۆرجار کاتی خۆیان بە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە لاوەکییەکانەوە بەفیڕۆ دەدەن. لە سەردەمی پێشوودا هێز بە واتای دەستڕاگەیشتن بە داتا و زانیارییەکان بوو. ئەمڕۆ دەسەڵات بە مانای ئەو زانستەیە کە چی دەتوانیت پشتگوێ بخەیت. کەواتە لە نێو هەموو ئەو شتە سەیروسەمەرانەی لە جیهانی ئاڵۆزی ئێمەدا ڕوودەدەن، پێویستە سەرنجمان بۆ کام ئەرك چڕ بکەینەوە؟

به بیرکردنەوە لە داهاتوویەکی نیزیک، ڕەنگە پێویست بێت سەرنجمان بخەینە سەر پرسە گشتییەکەنی وەک کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قەیرانی پەنابەران لە ئەورووپا و خاوبوونەوەی ئابووریی چین. ئەگەر بیر لە دەیان ساڵی داهاتوو بکەینەوە، گۆڕانی کەشوهەوا، پەرەسەندنی نایەکسانی و دارمانی بازاڕی کار ڕۆڵێکی ناوەندی دەگێڕن. بەڵام ئەگەر بە گشتی سەیری ژیان بکەین، هەموو کێشە و پێشهاتەکانی تر سێ پرۆسەی پەیوەندیدار بە یەکترەوە دەخەنە ڕوو:

**یەك:** زانست خەریکە دەبێتە دۆگمایەکی هەمەلایەنە کە هەموو شتەکانی دەور و بەرمان دەگرێتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات بوونەوەران ئالگاریتمن و ژیان تەنیا لە پرۆسێسکردنی زانیاریی بەهۆی کامپیۆتر و هزری دەستکرد پێکهاتووە.

**دوو:** هزری دەستکرد و بلیمەتی کامپیۆتری خۆی لە هۆشیاری و هەستی ئاگالەخۆبوونی مرۆڤ جیا دەکاتەوە.

**سێ:** لە داهاتوویەکی نەك دووردا ڕەنگە ئالگاریتمەکانی نائاگا بەڵام گەلێك ووشیار، ئێمە لە خۆمان باشتر بناسن.

ئەم سێ پرۆسەیە سێ پرسیاری سەرەکی دەوروژێنن کە هیوادارم دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە خۆتانی پێوە خەریك بکەن:

**یەك:** ئایا بەڕاستی بوونەوەران تەنیا ئالگاریتمن و ئایا بەڕاستی ژیان تەنیا پرۆسێسی زانیاریی و داتاکانە؟

**دوو:** کامیان بەنرخترە – زیرەکی کامپیۆتری نائاگا یان هۆشیاری و ئاگاداریی مرۆڤ؟

**سێ:** ئەگەر ئالگاریتمەکانی نائاگا بەڵام زۆر زیرەک ئێمەی مرۆڤ باشتر لە خۆمان بناسن، کۆمەڵگا، سیاسەت و ژیانی ڕۆژانەمان چی لێدێت؟

تەواو